ژمارە: ٧ ٢٩ ٢٧٩٢

بەروار: ٢٧/ ٧/ ٢٠٢١

بانگەوازی ژمارە(٣) (٢٠٢١-٢٠٢٢)

جۆر / زیادکردنی ئاشکرا

**١- بەکرێدانی (کافتریای بەشە ناوخۆییەکانی کەمپەسی ڕانیە)**

**٢- بەکرێدانی (کافتریای بەشە ناوخۆییەکانی کەمپەسی قەڵادزێ)**

پاڵپشت بە یاسای فرۆشتن و بەکرێدانی موڵکی دەوڵەت ژمارە(١)ی(٢٠٢١) ماددەی(١٢/ برگەی دووەم)، هەروەها پاڵپشت بەو دەسەلاتەی لە وەزارەتی خوێندنی بالاّ وتوێژینەوەی زانستی بەنوسراویان ژمارە(٣٣٣٣) لە(٢٠١٨/٢/٢٥) دراوە بە بەرێز سەرۆکی زانکۆ، سەرۆکایەتی زانکۆی ڕاپەڕین/ بەڕێوەبەرایەتی کاروباری یاسایی/ هۆبەی گرێبەستە گشتیەکان ئاگاداری(کۆمپانیا تایبەتمەند لەبواری ئامادەکردنی خواردن) دەکاتەوە کە خاوەن مۆڵەتی کارکردنن لەم بوارە، کە بەکرێدانی سەرەوە هەیە بۆ جێبەجێکردن بەشێوەی زیادکردنی ئاشکرا وهەر لایەنێك ئارەزووی بەشداریکردنی هەیە ئەتوانێ سەردانی سەرۆکایەتی زانکۆمان/بەڕیوەبەرایەتی کاروباری یاسایی لەنهۆمی زەمینی بکات بە مەبەستی وەرگرتنی زانیاری لەسەر کاری ناوبراو، وە بۆکرینی سەردانی بەڕێوەبەرایەتی دارایی/ هۆبەی خەرجیەکان لە نهۆمی یەکەم بکات بەمەبەستی وەرگرتنی وێنەیەك لە مەرج و رێنماییەکان بەرامبەر بری (٣٠,٠٠٠) سی هەزار دیناری عێراقی کە ناگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی و کرێی بلاّوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە دەکەوێتە ئەستۆی براوەی کێبرکێ.

مەرج و رێنمایی بەشداریکردن:

١- ماوەی کرینی تەندەر لە ڕۆژی (٢٠٢١/٧/٢٨) دەستپێدەکات تا بەرواری (٢٠٢١/٨/٢٩) کۆتایی دەوام .

٢- پێویستە بەشداربوو لارینەبونی بەڕێوەبەرایەتی کاروباری یاسایی وەربگرێت لەبەرواری (٢٠٢١/٧/٢٨ تا ٢٠٢١/٨/٢٩) بە پێچەوانەوە دوای ئەم بەروارە بەهیچ شێوەیەك لارینەبون نادرێت.

٣- بۆ وەرگرتنی لارینەبون پێویستە وێنەیەك لە (مۆڵەتی کارکردن، پسولەی کرینی مەرج و رێنمایی، پسولەی دانانی بارەمتەی سەرەتایی) لەگەڵ خۆی بێنێت.

٤- هێنانی بارەمتەی سەرەتایی بەشێوەی نەختینە بە بری (٥,٠٠,٠٠٠) پێنج سەد هەزار دینار بۆ کافتریای بەشە ناوخۆییەکانی ڕانیە, وە بری (١٠٠,٠٠٠) سەد هەزاردینار بۆ کافتریای بەشە ناوخۆیی قەڵادزێ و دانانی لە بەڕێوەبەرایەتی دارایی زانکۆمان وەکو بارمتەی سەرەتایی.

٥- پێویستە بەشدار بوو قەرزداری زانکۆ نەبێت بە پێچەوانەوە مافی بەشداریکردنی لە زیادکردنەکەدا نابێت.

٦- زیادکردنەکە لە نهۆمی ئەرزی (زەمینی) باڵەخانەی سەرۆکایەتی زانکۆ لە بەڕێوەبەرایەتی کاروباری یاسایی ئەنجام دەدرێت لەکاتی هاتوو لە خاڵی(٧).

٧- هەریەك لەو بەروارانە بەر پشوی فەرمی کەوت، کارەکە بۆ ڕۆژی دوای پشوو دوا دەخرێت

٨- کاتی زیادکردن

أ- بەکرێدانی کافتریای کۆلێژی زانستەمرۆڤایەتیەکان ڕۆژی (٢٠٢١/٨/٣٠) دەستپێدەکات کاتژمێر (١٠:٠٠) ی سەرلەبەیانی.

ب- بەکرێدانی کافتریای کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت ڕۆژی (٢٠٢١/٨/٣٠) دەستپێدەکات کاتژمێر (١٢:٠٠) ی سەرلەبەیانی.

٩- ب بۆ وەرگرتنی زانیاری وهەر پرسیارێك دەتوانن پەیوەندی بکەن لەڕێگەی ئیمەیلی بەڕێوەبەرایەتی کاروباری یاساییەوە بەم ناونیشانە (legalaffairs@.uor.edu.krd).

**پ.ی.د موفق خالد ابراهیم**

**سەرۆکی زانکۆ**

**وێنەیەك بۆ :**

- ✓ نوسینگەی بەڕێز سەرۆکی زانکۆ/بۆ ئاگاداریتان.
- ✓ نوسینگەی بەڕێز یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆ بۆ کاروباری کارگێڕی و دارایی/ بۆ ئاگاداریتان.
- ✓ نوسینگەی بەڕێز یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆ بۆ کاروباری زانستی و خوێندنی باڵا/ بۆ ئاگاداریتان.
- ✓ نوسینگەی بەڕێز یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆ بۆ کاروباری خوێندکاران/ بۆ ئاگاداریتان.
- ✓ بەڕێوەبەرایەتیەکانی زانکۆ(خۆیەتی، دارایی، ووردبینی) بۆ ئاگاداریتان.
- ✓ لیژنەی زیادکردن/ بۆ ئاگاداریتان و کاری پێویست.
- ✓ بەڕێوەبەرایەتی پەیوەندیەکان/ بۆ ئاگاداریتان و بلاوکردنەوەی لە سایتی زانکۆ/لەگەڵ ڕێزدا.....
- ✓ بەڕێوەبەرایەتی کاروباری یاسایی/ هۆبەی گرێبەستە گشتیەکان / بۆ پاراستنی و هەڵواسینی لە تابلۆی ئاگادارییەکان و بلاوکردنەوەی لە (١) ڕۆژنامەی وەرەقی وئەلکترۆنی/ لەگەڵ ڕێزدا.......
- ✓ دەرچوو.